# دیدار حامد و یانەی هەولێر ئاشت بوونەوە

دیدار حامد ناوێکی دیاری وەرزشی شاری هەولێرەوە و ماوەیەکی زۆر لە خزمەتی تیپەکانی یانەی هەولێر بووە، وەکو یاریزانیش بەڵام لە وەرزی رابردوو لە بڕیارێکی چاوەڕوان نەکراودا دیدار حامد ئەستێرەی یانەی هەولێر بە شێوەیەکی یەکجاری دەستبەرداری لە یانەکە هەڵگرت دوای خزمەت کردنێکی زۆری یانەکە و دواتریش پەیوەندی بە یانەی زاخۆ کرد توانی بۆماوەی یەك وەرز گرێبەست لەگەڵ ئەو یانەیە مۆربکات بە بڕە پارەیەکی گران بەها، بەڵام لەم وەرزە توانی لەگەڵ یانەی زاخۆ ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات لە یارییەکانی خولی بژاردەی عێراقی و ببێتە جێگای دڵخۆشی هاندەرانی یانەکە و دەستەی کارگێڕیی یانەی زاخۆ، بەڵام بۆ ئەم وەرزە دیدار حامد بڕیاری ئەوەی داوە واز لە یانەی زاخۆ بهێنێت و بگەڕێتەوە یانەی هەولێری دایك کە ئەو یانەیە لێ پەروەردە کراوە، لەبارەی نوێ کردنەوەی گرێبەستەکەی یاخود جێهێشتنی یانەکەی، دیدار حامد بۆگۆڤاری گوڵان گوتی: من بۆماوەی یەك وەرز گرێبەستم لەگەڵ یانەی زاخۆی خۆشەویست هەیە، بۆیە لە دوای تەواو بوونی گرێبەستەکەم ئیتر یانەی زاخۆ جێ دەیهێڵم هەر چەندە دەستەی کارگێڕیی یانەی زاخۆ داوای ئەوەیان لێ کردوومە کە درێژە بە گرێبەستەکەم بدەم بۆئەوەی بتوانم لە یانەکە بەردەوام بم، بەڵام من بەهۆی هەندێك کاری تایبەتی پەیوەست بە خۆم نامەوێ درێژە بە گرێبەستەکەم بدەم و هیچ کێشەو گرفتێکیشم نییە، گوتیشی ئێستا یانەی سلێمانی داوای لێ کردووم بۆئەوەی بۆ وەرزی نوێی گرێبەستیان لەگەڵ واژۆ بکەم، بەڵام من هیچ بڕیارێکم نەداوە، گوتیشی دەمەوێ لێرەوە ئەوە ئاشکرا بکەم کەوا حەز دەکەم بگەڕێمەوە یانەی هەولێری دایك، لەلایەن خۆشیانەوە یانەی هەولێریش قسەیان کردووە بۆ گەڕانەوەم.



## یانەی دهۆک گۆڕانکاری ناکات لە خولی عێراقی

## یاریزانی پیشەگەری بەتوانا دەهێنێتە ڕێزەکانییەوە

هەرچەندە یانەی دهۆك ئەم وەرزە لە خولی بژاردەی یانەکانی عێراقی ئاستی وەکو پێویست نییە لە یارییەکەوە بۆیارییەکی تر جیاوازە و چەندین دەنگۆش بۆگۆڕینی یاریزانان و بەجێهێشتنی ژمارەیەك لە یاریزانان لە ئارادبوو بەهۆی بەردەوامبوونی فەجر ئیبراهیم لە مەشقی یانەکە هەر چەندە ئەم دەنگۆیانە بەشێوەیەکی فەرمی یەك لایی بۆتەوە تاڕادەیەك تاکو ئێستا بەفەرمی هیچ یاریزانێك جێهێشتنی خۆی لە یانەی دهۆك رانەگەیاندوە، لەکاتێکدا گرێبەستی ڕاهێنەر نوێ کراوەتەوە بۆوەرزێکی تریش بەردەوام دەبێت و سیناریۆی جێهێشتنی یاریزانانی یانەکەش لە داوای کۆتایی هاتنی خولی بژاردەی عێراقی





بەدیار دەکەوێت کە تەنیا سێ هەفتە ماوە لە یارییەکانی خولەکە، لەم بارەشەوە دکتۆر محەمەد سەعید ئەندامی دەستەی کارگێڕیی یانەی دهۆك بۆگۆڤاری گوڵان گوتی: ئێمە وەکو دەستەی کارگێڕیی لەبەر ئەنجامی تیپەکەمان نەك لەبەر ئاستیان ئەم یاریزانانەمان سزاداوە، لە راســتیدا ئەوە زۆر روون و ئاشــکرایە کە ئێمە لە هەولێرمان بردۆتەوە لە نێو خاکی خۆمان بەنەفت و شــورتە تووشــی شکســت هاتین و لەگەڵ ســناعەش یەکسان بووینە، بۆیە سزامان دان بۆئەوەی ئاستی راســتەقینەی خۆیان پێشان بدەن لە یارییەکانی داهاتوودا، گوتیشی: ئێمەش ئەو قســەمان زانیوە دواتر لەگەڵ ئەم یاریزانانە کۆبوونەوەمان کردووە ئەوان لــە دوور و نزیك ئاگاداری ئەم هەواڵە نین و مانەوەیان لەریزی یانەی دهۆك ڕاگەیاندووە، بۆیە رۆیشــتنی ئەم یاریزانانە تەنیا قســەیەو هیچی تر نییە، دەســتبەرداری هیچ یاریزانێکیش نابین، زۆربەی یاریزانەکانیش مانەوەی خۆیان لەریزی یانەی دهۆك راگەیاندووە، بۆیە هەر حاڵەتێکــی نەخوازراویش هاتەپێش ئەوکات قســەی خۆمان دەبێت بۆ هێنانی یاریزانی زیاتر، بەڵام تا ئێســتا بیرمــان لەهیچ گۆڕانکاریەك نەکردۆتەوە لە پێکهاتەی یانەکەمان، دکتــۆر محەمەد لە بارەی هێنانی یاریزانی بیانی گوتی: ئێمە بۆ هێنانی یاریزانی پیشەگەر تاکو ئێستا بڕیاری ئەوەمان نەداوە، بەڵام ڕەنگــە بۆ وەرزی نوێ ئەگەر یاریزانی پیشــەگەری باش هەبێت گرێبەستی لەگەڵ مۆر بکەین.




## یانەی خاک نازناوی کیک بۆکسێنگی کەرکوکی بەدەست هێنا

بەمەبەســتی زیاتر گرنگیدان بە کێك بۆکســینگ لە شاری کەرکوك و بەرەو پێش بردنی زیاتری ئەم یارییە، بەسەرپەرشــتی لقی کەرکوکی یەکێتی کیك بۆکسینگی کەرکوك و بەچاودێریی نوێنەرایەتی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان، لەهۆڵی یانەی سۆلاف بەبەشداریی پێنج یانەی شاری کەرکوك و دەوروبەری پاڵەوانێتیی کیك بۆکسێنگی یانەکانی کەرکوك ئەنجامدرا بۆ ئاستەکانی تازە پێگەیشتووان و لاوان و پێشکەوتووان لە پاڵەوانێتییەکەشدا یاریزانانی بەشداربوو لە پاڵەوانێتییەکە توانیان ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن و بە درێژایی چــوار رۆژی پاڵەوانێتییەکە لە ڕکابەری دابن بۆ بەدەست هێنانی ئەنجامی شایستە لە پاڵەوانێتییەکەدا، خۆئامادە کردنیان بۆخولەکانی کوردستان و عێراق کە بڕیارە بەڕێوە بچێت، ئەنجامی کۆتایی پاڵەوانێتییەکەش بەم شێوەی خوارەوەبوو.

١-خاك
٢-تەئاخی
٣-شۆریجە

## ئایلتۆنی بەرازیلی بەدرێسی یانەی زاخۆ لە خولی کوردستان دەردەکەوێت

بەمەبەســتی بەهێزکردنی ریزی پێکهاتەی یانەکەی و بەدەست هێنانی ئەنجامێکی شایستە لە یارییەکانی خولی تۆپی پێی یانە پلە نایابەکانی کوردســتان کە بڕیارە یارییەکانــی وەرزی نوێ ٢٠١٣-٢٠١٤ لە رۆژی ٣ی مانگی ١٠ی داهاتوو بەبەشــداریی ١٤ یانەی شارەکانی کوردستان دەســت پێبکات، بۆ بەهێزکردنی هێڵی هێرشــبردنی یانەکەی دەستەی کارگێڕیــی یانەی زاخۆ یاریزانێکی بەرازیلی هێنایە ریزی یانەکەیەوە و لە خولی کوردستان ئەمســاڵ بۆیەکەمجار یاریزانێکی بەرازیلی بەدیار دەکەوێــت بە درێســی یانەی زاخــۆ، لەبارەی هێنانی ئــەم یاریزانەش خەلیل حەسەن ســکرتێری یانەی زاخۆ بۆگۆڤاری گوڵان گوتی: ئێمە بەمەبەستی بەهێزکردنی ریزی یانەکەمان بەتایبەتی دوای ئەوەی وەرزی رابردوو نەمانتوانی ئەنجامێکی شایســتە بەدەست بهێنین لە یارییەکانی خولەکە بۆیە ئەمساڵ جیا لە ساڵانی تر تیپێکی بەهێزمان دروست کردووە بۆئەوەی بتوانین رکابەریی یانەکانی تری کوردستان بکەین لەسەر بەدەست هێنانی ئەنجامی شایســتە لەم وەرزە، بۆیە گرێبەســتێکمان بەفەرمی لەگەڵ یاریزانی بەتواناى تیپی دووەمی یانەی ئیســپانیۆلی ئیسپانی ئایلتۆنی بەرازیلی مۆرکرد، گوتیشــی نامانەوێ بڕی گرێبەستەکەی ئاشکرا بکەین بەڵام بۆیەك وەرز لە خولی کوردستان بەرگری لە درێسی یانەکەمان دەکات، ئەمســاڵیش جیا دەبیــن لە وەرزەکانی تر و دەمانەوێ ئاســت و ئەنجامەمان هەبێت لە خولەکەدا، هیچ کێشەو گرفتێکمان نییەو تیپەکەمان بەشــێوەیەکی باش ئامادەسازی کردووە بۆ یارییەکانی وەرزی نوێ لەسەر دەستی راهێنەری نوێی یانەکەو ستافێکی تازە کەسەرپەرشتی یانەی زاخۆ دەکەن لە خولی کوردستان ئومێدمان زۆرە بەم یاریزانانە.




## راهێنەری لیڤەرپول:
# ستۆریدج دەبێتە هێرشبەری یەکەمی ئینگلتەرا

راهێنەری یانەی لیڤەرپول برایان رۆدجەرز پێی وایە هێرشـــبەری یانەکەی دانیال ســـتۆریدج خاوەن هەموو فاکتەرێکە بۆ ئەوەی ببێتە هێرشـــبەری یەکەمی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا، ســـتۆریدج بۆ هەفتەی دووەم لەســـەریەك یانەکەی بەرەو ســـەرکەوتن برد لە خولی پریمەرلیگ دوای ئەوەی توانی گۆڵی بردنەوە بۆ یانەکەی لەبەرامبەر یانەی ئەستۆن ڤیلا تۆمار بکات.

برایان رۆدجەرز لەلێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی دەیلی مەیلی بەریتانی گوتی: دانیال ستۆریدج پێشتر تەنها یاریزانێکی لاوی لێهاتوو بوو کەسەرنجی چاودێرانی بۆ خۆی رادەکێشا بەڵام لەگەڵ هاتنی بۆ یانەی لیڤەرپول زیاتر درەوشاوەیە و وابزانم شایستەی ئەوەیە ببێتە هێرشبەری ژمارە یەك لە هەڵبژاردەی ئینگلتەرا .


هەروەها راهێنەر رۆدجەرز دەربارەی هێرشبەرەکەی گوتی: ستۆریدج تەنها هێرشبەرێکی گۆڵکار نییە بەڵکو شێوازی یاریکردنی بەیاریزانە بەرازیلییەکان دەچێت، جولانەوەی یەکجار باشە لەناو یاریگا وپاسەکانی زۆر دروستن ودەرفەت بۆ هاورێکانی دەرەخسێنێت وتوانای جەستەیی بەرزە .

شایانی باسە یاریزان ستۆریدج ٦ یاریی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردەی ئینگلتەرا ئەنجامداوە ویەك گۆڵی تۆمارکردووە.

# تیروپشکی مۆندیالی تازەپێگەیشتووان لە وڵاتی ئیمارات

لــە شــاری ئەبوزەبــی پایتەختی وڵاتی ئیمارات تیروپشکی یارییەکانی مۆندیالی تازەپێگەیشتووان لەژێر تەمەنی ١٧ ساڵی راکێشــرا کــە ٢٤ هەڵبژاردە بەشــداری تێدا دەکــەن و یارییەکانی لــە رێکەوتی ٢٠١٣/١٠/١٧ تــا ٢٠١٣/١١/٨ ئەنجام دەدرێــت، ئەنجامی تیروپشــکەکەش بەم شێوەیە بوو :

گروپی یەکەم : ئەبوزەبی – راس ئەلخێمە
ئیمارات – هندۆراس – بەرازیل – سلۆڤاکیا
گروپی دووەم : ئەبوزەبی – راس ئەلخێمە
ئۆروگــوای – نیوزیلەنــدا – کۆت دیڤوار – ئیتالیا
گروپی سێیەم : فوجێرە – شاریقە
کرواتیــا – مەغریــب – پەنەما – ئۆزبەکستان
گروپی چوارەم : فوجێرە – شاریقە
تونس – ڤەنزویلا – روسیا – ژاپۆن
گروپی پێنجەم : دوبەی – ئەلعێن
کەنەدا – نەمسا – ئیران – ئەرژەنتین
گروپی شەشەم : دوبەی – ئەلعێن
مەکسیك – نایجیریا – عێراق – سوید



# بایەرن میونیخ تیاگۆ ئەلکانتارا لەدەست دەدات

یانەی بایــەرن میونیخــی ئەڵمانی رایگەیانــد یاریزانــی لاوی هێڵــی ناوەراســت تیاگۆ ئەلکانتارا تووشی پێکان هاتــووە وبۆ مــاوەی حەوت هەفتە لەیاریــگاکان دووردەکەوێتەوە، یاریزان ئەلکانتــارا لەیاری یانەکەی بەرامبــەر یانــەی نۆرەمبێــرگ لەخولی ئەڵمانیا تووشــی پێکان هات لەگۆزینگی قاچی راستەی کە ئەو پێکانە تا رادەیەك پێکانێکی ســەختە وپێویســتی بەنەشــتەرگەری هەیە کە دەبێتە هــۆکاری دوورکەوتنەوەی یاریزانــی ناوبراو بــۆ نزیکەی دوو مانگ لەیاریکردن .

دەســتەی پزیشــکانی یانەکــەی هەرێمی بەڤاریا لەدوای ئەنجامدانی پشکینینی پزیشکی بۆ قاچی یاریزان تیاگۆ بڕیاریان داوە نەشتەرگەرییەکی خێرای بۆ ئەنجام بــدەن، هانز ویلهام وۆلڤارت پزیشکی یانەی بایەرن میونیخ پێشــبینی ئەوە دەکات کەبەهۆی ئەم نەشتەرگەرییە تیاگۆ بۆ ماوەی حەوت هەفتــە لەیاریگاکان دابڕێت. یانەی بایەرن میونیــخ دووپاتیکردەوە یاریزان تیاگۆ ئەلکانتارا بەشــداری لەچوار یــاری داهاتووی یانەکــەی ناکات لەخولی ئەڵمانیا، هەروەها بەشداری ناکات لەجەولــەی یەکەمی قۆناغی گروپەکانــی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپــا و یاریــی داهاتووی جامی ئەڵمانیا لەبەرامبەر یانەی هانۆڤەر.

# ئاواتی یەکەمی مۆرینهۆ چاکبوونەوەی ڤیلانۆڤایە



راهێنــەری بەناوبانگــی پورتوگالــی جــۆزێ مۆرینهۆ راهێنەری ئێســتای یانەی چێلســی لەچاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا ئاواتەکانی خۆی ئاشــکرا کرد کەیەکەمیان هیوای چاکبوونەوە بوو بۆ راهێنەری پێشــووی یانەی بەرشــلۆنە تیتۆ ڤیلانۆڤا کە ئێستا لەنەخۆشی شێرپەنجە چارەسەر دەکرێت . مۆرینهۆ لەبەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی لە وڵاتی مالیزیا لە وڵامی پرسیاری پێشکەشکاری بەرنامەکــە دەربارەی ئەو ســێ ئاواتەی کەحەز دەکات بێتە دی گوتــی: هیوادارم تیتۆ ڤیلانۆڤا لەنەخۆشــیی شــێرپەنجە چاکببێتەوە، هەروەها هیوادارم تەندروستی تێکۆشەری جیهانی نیلسۆن ماندێلا بەرەو باشــی بچێت، سێیەمینیان هیوای چاکبوونــەوە بۆ هەموو نەخۆشــێکی هاوشــێوە لەجیهــان دەخوازم. لەلایەکی دیکــەوە مۆرینهۆ لەدرێژەی قسەکانیدا ئەوەی ئاشکرا کرد کەپلانی داناوە بۆ ئەوەی لەئەرکی راهێنانی یانەی چێلسی بۆ ماوەی پێنج ســاڵی داهاتوو بــەردەوام بێت و گوتی: من زۆر خۆشحاڵم لەشاری لەندەن، من و هاوســەرەکەم و منداڵەکانم، ئێستا دەتوانم خەیاڵی ئەوە بکەم کچەکەم خوێندنی زانکۆ لەشاری لەندەن تەواو بکات، هەروەهــا کوڕەکەم بگاتە خوێندنی زانکۆ وتاموچێژ لەیاری تۆپی پێ وەربگرێت.

مۆرینهۆ دانی بەوەش دانا ئەگەر کاری راهێنەری تۆپی پــێ نەبوایە ئــەوە حەزی دەکــرد کاری مامۆستایەتی بکات لەیەکێك لەقوتابخانەکان.



# هەولێر ئارامترین ناوچەی عێراقە بۆ جامی کەنداو

سکرتێری یەکێتیی تۆپی پێی ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو: لەجیاتی بەسرە، هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان، بە ئارامترین ناوچەی عێراق دادەنێت تا جامی ٢٢ی کەنداوی لێ ساز بکرێت.


بەپێی هەواڵێك کە سایتی (Iraqfpg)، بڵاویکردەوە: یوسف عەبدوڵڵا سکرتێری یەکێتیی تۆپی پێی ئیمارات روونیکردووەتەوە کە عێراق پێویستی بە بڕیارێکی رەسمی یەکێتی تۆپی پێی جیهان (فیفا)یە بۆ لابردنی گەمارۆی سەر یاریگاکانی عێراق، ئەمە جگەلەوەی پێویستە عیراق راپۆرتێکی رەسمی لە رێکخراوی تەندروستیی جیهانییەوە پێ بگات سەبارەت بە تیشکی یۆرانیۆم و چەند مەسەلەیەکی گرنگی دیکە، ئاماژە بەوەش دەکات ئەگەر ئەو جامە لە عێراق سازبکرێت، ئەوا هەولێر ئارامترین و شیاوترین ناوچەی عێراقە بۆ پاڵەوانێتییەکە.

یوسف عەبدوڵڵا دەشڵێت: «پێشتر سەردانی هەولێرم کردووەو دەزانم چەند شارێکی ئارامە، شوێنی مانەوەی زۆر باشی تێدایە و یاریگاکانی بەشێوەیەکی پێشکەوتوو بنیادنراون، بۆیە هەولێر هەموو ئەو مەرجانەی تێدایە بۆ سازکردنی جامی کەنداوی ٢٢.»

ئەو بەرپرسە وەرزشییەی ئیمارات، باسی لە کەموکورتییەکانی شاری بەسرە کرد و وتی: «کێشەکە تەنها لە شاری وەرزشیی بەسرەدا نییە، بەڵکو زۆر کاری لۆجستی هەن کە هێشتا مایەی نیگەرانییە، وەك بارەگای پێشوازیکردنی شاندەکان و کێشەی لۆجستی و چەندین کێشەی دیکە، کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی یەکێتیی تۆپی پێی عێراق، بۆیە نامانەوێت هەمان ئەو کێشانەی لە یەمەن رووبەڕوومان بووەوە، لە عێراقیش بەرۆکمان بگرێت.»

لە بەشێکی دیکەدا سایتەکە لەزاری سکرتێری یەکێتی تۆپی پێی ئیمارات بڵاویکردووەتەوە کە دیاریکردنی پارێزگای بەسرە لەجیاتی هەولێر لەلایەن بەرپرسانی عیراقەوە، بڕیارێکی سیاسییە، بەڵام هێشتا پێویستە عێراق هەوڵ بدات گەمارۆی سەر یاریگاکانی لەلایەن فیفاوە لابەرێ و لایەن رێکخراوی تەندروستیی جیهانییەوە بیسەلمێنێت کە هیچ ئاسەوارێکی تیشکی یۆرانیۆمی تێدا نییە.

## یەکەمین کەناڵی ئاسمانی وەرزشیی کوردی دەکرێتەوە



لەشاری دهۆکەوە یەکەمین کەناڵی ئاسمانی وەرزشیی کوردی دەست بەپەخش دەکات و بەرنامەکانیشی بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەبێت، بەپێی چەند زانیاریەکیش پارێزگاری دهۆك پاڵپشت و هاوکاری سەرەکی کەناڵەکەیە.

بڕیارە لە داهاتویەکی نزیکدا کەناڵی (وار سپۆرت) شانبەشانی کەناڵی (وار تیڤی) کەئەمەی دووەمیان بەرنامەکانی هەمەڕەنگ دەبێت و بەسیستمی (HD) دەبێت لەشاری دهۆکەوە دەست بەپەخش بکات.

لەلێدوانێکی رۆژنامەوانیدا تەها ئەبو رەغیف بەڕێوەبەری وار سپۆرت رایگەیاندوە سەرەتا بەسیستمی ئێس دی و بەکوالێتیەکی بەرز دەست بەپەخش دەکەن و دواتریش سیستمەکەیان دەکەن بە ئێچ دی .

تەها وتووشیەتی لەدەسپێکدا مافی پەخشکردنی یاریەکانی خولی کوردستان دەستەبەردەکەن و ئامانجیشیانە مافی گواستنەوەی یاریەکانی خولی عێراقیش ببەنەوەو لەجێی کەناڵی عێراقیەی ریازی ئەمان یارییەکان پەخش بکەن.

بەڕێوەبەری یەکەمین کەناڵی وەرزشی کوردی کەپێشتر لەکەناڵی عێراقیەی ریازی کاری کردووەو وتووشیەتی هەوڵەکانیان چڕکردووەتەوە تاوەکو لەمانگی داهاتووەوە دەست بەپەخشی بەرنامەکانیان بکەن و ئاشکراشیکردووە ستافەکەیان پێکهاتووە لەکارمەندی کورد و عێراقی و بیانی .

بەپێی زانیارییەکانیش لەئێستاشدا کارەکانی دروستکردنی باڵەخانەی کەناڵەکە کۆتایی هاتووەو کۆمپانیایەکەی لوبنانی کار لە دروستکردنی دیکۆراتی ستۆدیۆکانیدا دەکات کە پێکهاتووە لە ٣ ستۆدیۆی گەورەو چەند ستۆدیۆیەکی بچووك و سەردەمیانە.

# ٢٠ یاریزان و ٥ راهێنەری کورد لە ریزی هەڵبژاردەی عێراق بۆ پایسکلسواری دەستنیشان کران

دوای تەواوبوونی قۆناغی سێیەمی پاڵەوانێتیی عێراق بۆ پایسکلسواری، کە لە شاری کەربەلا بەڕێوەچوو، یەکێتیی پایسکلسواری عێراق راهێنەر و یاریزانانی دەستنیشان کرد بۆ ریزی هەڵبژاردەی عێراق بەمەبەستی بەشداریکردنیان لە پاڵەوانێتییەکانی دەرەوە.

لە هەڵبژاردەی کچانی عێراق راهێنەری یانەی هەولێر عەبدولقادر نورەدین وەکو راهێنەری هەڵبژاردەکە دەستنیشان کرا شانبەشانی ئەو راهێنەرە هەریەکە لە یاریزانان (نیان یاسین، سۆزی دلشاد، لاڤان ئەحمەد (یانەی نەورۆز)، زریان عەتا، لانجە سەلام (یانەی دووکان) بانگهێشتی هەڵبژاردەی عێراق کران، کە خۆیان بۆ پاڵەوانێتی وڵاتانی عەرەبی ئامادە دەکەن، وا بڕیارە لە رۆژی (٦-١٠-٢٠١٣) لە وڵاتی ئوردن بەڕێوەبچێت.

هەروەها سێ یاریزانی کورد بانگهێشتی هەڵبژاردەی یەکەمی عێراق کران بەمەبەستی بەشداریکردنیان لە پاڵەوانێتی وڵاتانی عەرەبی، کە لە وڵاتی بەحرێن بەڕێوە دەچێت، یاریزانە بانگهێشتکراوەکانیش (دلۆڤان کۆسرەت، ئامانج شێرزاد (یانەی هەولێر)، ئاری جەلال (یانەی کۆیە).

لە ریزی هەڵبژاردەی لاوانی عێراق راهێنەری یانەی هەولێر موسا موحسین وەکو راهێنەری هەڵبژاردەکە دەستنیشان کرا و سەمیر سدیق راهێنەری یانەی برایەتی وەکو یاریدەدەری راهێنەر دەستنیشان کرا شانبەشانی ئەوانیش پێنج یاریزانی کورد بانگهێشتی هەڵبژاردەکە کران بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانێتیی وڵاتانی عەرەبی، کە لە وڵاتی بەحرێن بەڕێوە دەچێت یاریزانە بانگهێشتکراوەکانیش (عوسمان عەلی، جاسم هانی، یونس عەبدولحەکیم (یانەی هەولێر)، هونەر عەبدولستار، ئەبو بەکر سەدیق(یانەی برایەتی).

لەسەر ئاستی تازەپێگەیشتووان راهێنەری یانەی هەولێر ئۆرفیۆس جەلال وەکو راهێنەری هەڵبژاردەکە دەستنیشان کراوە لەگەڵ راهێنەری یانەی سۆلاڤ فەرمان رەحمان، هەروەها ٧ یاریزانی کوردیش بانگهێشتی هەڵبژاردەکە کراوە ئەوانیش (هێمن ئەحمەد، محەمەد عەبدوڵڵا(یانەی هەولێر)، موراد فەرهاد، دوومان رەجب( یانەی ئامێدی)، رەوەند شێرکۆ(یانەی سۆلاڤ)، ئاڵان سەعدەدین (یانەی دهۆك)، کارۆش ئازاد (یانەی عەمادیە).

جێگەی باسە چاوەڕوانی ئەنجامێکی باش لەم یاریزانانە دەکرێت لە پاڵەوانێتییەکانی دەرەوە بەتایبەتی هەڵبژاردەی کچانی عێراق.



## یەکێتیی تۆپی پێی کوردستان لێبوردنی گشتی راگەیاند

یەکێتیی تۆپی پێی کوردستان بڕیاری دا لێبووردن بۆ سەرجەم ئەو یاریزان و راهێنەر و کارگێڕ و ئەو تیپانە دەربکات، کە لە وەرزەکانی پێشوودا بە هۆی هەڵەکانیان سزا درابوون.

ئەم بڕیارەی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بەبۆنەی دەستپێکردنی وەرزی نوێ خولەکانی کوردستانە بۆ ئەوەی دەرفەتێکی تازە بۆ کەسانە بڕەخسێنتەوە، بەهۆی هەڵسوکەتەکانیان سزا درابوون، ئەم بڕیارەش گشت یاریزانان و راهێنەر و کارگێڕی دەگرێتەوە.

رۆژی شەممەی رابردوو لە بارەگای خۆیدا یەکێتیی تۆپی پێی کوردستان کۆبوونەوەی لەگەڵ ئەو کەسانە ئەنجام دا، کە بڕیاری لێبوردنی گشتی دەیانگرێتەوە بەمەبەستی دووبارەنەکردنەوەی کارەکانیان لە داهاتوو.